www.kurdistannet.org
4-11-2007 14:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ماستاو کردن پاش خۆت حەرامە کاک ئیبراهیم بالیسانی بۆ عوسمانی حاجی مەحموود... ئەنتی کوتلەیەک**

لەبەرواری 2007/10/28 دا کاکێکی لێزان ئەمما چۆن لێزانێك.. ماستاوچی ئەمما چۆن ماستاوچییەك.. خۆبەرە پێشەوەیەك ئەمما چۆن خۆبەرە پێشەوەیەك بەناوی ییبراهیم بالیسانی هەرچەندە خۆی ئیبراهیمە.. بێئاگا لە ڕاستییەکان یان ڕوونتر بەئاگایە وخۆی لی گێل دەکا.. هەستاوە لە چەند کۆپلە پەخشان و شانامەیەکدا بە شێوازێکی زۆر هەرزان و نزم و بی ئاست بەسەر شان و شەوکەت و خەتوخاڵی عوسمانی حاجی مەحموودا هەڵیداوە بی هیچ بنەما و بەڵگەیەك.. ئیتر بەجۆرێك فووی کردۆتە ئەم زاتە کە پێدەچی کاك عوسمان لە نێوان خۆی و خۆیدا بڵی کورە تۆ بڵێی من ئەوەندە جوامێر بم و بە خۆمم نەزانیبی ئەوسا بڵی باشە من کەئەوەندە شۆڕەسوارم باشە بۆچی لەکاتی هەڵبژاردنەکەی ئەم دواییەدا پارە و پولی وەزارەتی ناوخۆ و تەواوی ئیمکانیەتەکانی لە ئوتومبیل و دەمانچە خستە ژێر پێڵاوەکانی بەرژەوەندی کووتلەوە.. ئەی ئەوە بۆچی هەستام بەناهەق بۆ بەرژەوەندی کووتلە حەیاتەکە بۆستم وەك چکلێتی بەرات بەخشییەوە، ئەی ئەوە بۆچی ئیستاش ئەوەی لەسەر ئاییننی کووتلەکەی خۆم نەبێت و بەدەپەنجە مۆری نەکا کە سەر بەخۆم و کووتلەکەمە بەخەونی شیرینیش نایەڵم پۆستی لە پۆست بچی بەخۆیەوە ببینی، کاکە برایمی بالیسانی تاکو هەموو ئەرك و ماندوو بوونی لە ئامادەکردنی ماستاوە خەستەکەیدا بە فیڕۆ نەچێت هەستاوە لە نمایشێکی شانۆگەری ئاسادا وێنەیەکی گەورەی خۆی کردووە بە پۆستەر و لکانویەتی بە نێوچەوانی بابەتە عەنتیکەکەیەوە تاکو جەنابی کاك عوسمان بی لەناوەکەی شێوەی ڕووخساریشی لەبیر نەچێت و هەقی ئەم سفرە و ماستاوە بەلەزەتەی بۆ بکاتەوە ئیتر بە پۆستی بێت یان بە پاداشت، بەڵی کاکە برایم دەڵی کاك عوسمان حەکیمە و بە ووێژدانە منیش دەڵێم ئۆ باڵ بەم لاگەردنەم حەکیم و بە ووێژدانە بەڵام بەرامبەر پیاوانی کووتلە و جەماعەتی ئەشهەدومابیلا..، من نازانم ئەم برایم ناوە شەرم لە خۆی ناکا کاتێك باس لە پێشمەرگایەتی و دەسکەوتەکانی عوسمانی حاجی مەحموود دەکات باشە ئەم قەوانە سوواوەی پێشمەرگایەتی ئیتر نەبڕایەوە و کۆتایی پی نەهات!! لەبری هەر ڕۆژێکی تورەکەیەك دۆلاریان حەپەلووش کردو هێشتا دەڵێن ماومانە.. ئەم میللەتە بە هاوڵاتی پلە دوو و سی و بیست تەماشا دەکەن وەك بڵێی ئەوان ڕژێمیان ڕووخاند نەك موغامەراتە شەڕەنگێزانەکەی سەدام بە داگیرکردنی بۆ کوەیت. پاشان من نازانم بالیسانی باسی کام دەسکەوتی وەزارەتی ناوخۆ دەکات باس لە هەزارەها باند و گروپی تلیاك و حەشیشە فرۆشتن و دزی دەکات یان لەوانەی لەشفرۆشی عەرەبەکان کەبەداخەوە ئیستا هەموو گەڕەکێکی سلێمانیان کردووە بە عەفەج و کەمالیە و کەنعان.. بەم بارودۆخەوە حاڵی کاکە عوسمان زۆر جوان بوو تا شەڕو ململانێی کووتلە و کورسی و دەسەڵاتیشی هاتە سەر بۆیە هاوڵاتیانمان ئیستا وا تەریف و زەریف و مورتاحن... لەکۆتایدا هەر ئەوەندە دەڵێم بەپێی هەموو لێکدانەوەکان ئێمەی میللەتی کورد دواکەوتوو و لەناوچوی ئەم جۆرە ماستاوچی و خۆبەرەپێشەوانەین کە بۆ خاتری نانی هەموومان ئەفرۆشن بە هەرزانی...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.